# نوێژی ئەوابەکان کاتێکە کە وشتری پێگەیشتوو تینی گەرمی بەردەکەوێت

لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: خەڵکانێکی بینی لە کاتی چێشتەنگاودا نوێژیان دەکرد، ووتی: دەزانن نوێژکردن لە کاتێکی تر جگە لەم ماوەیە باشترە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نوێژی ئەوابەکان* کاتێکە کە وشتری پێگەیشتوو تینی گەرمی بەردەکەوێت». *(ئەواب: واتا ئەو کەسەی دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە بە تەوبە کردن وداوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە، و وازهێنان لە تاوان وگوناهەکان، وئەنجامدانی خێر وچاکەکان)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

زەیدی کوڕی ئەرقەم -ڕەزای خوای لێبێت- خەڵکانێکی بینی لە کاتی چێشتەنگاودا نوێژیان دەکرد، باسی ئەوەی کرد کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: (وێژی ئەوابەکان* کاتێکە کە وشتری پێگەیشتوو تینی گەرمی بەردەکەوێت): واتا باشترین کات بۆ ئەنجامدانی نوێژی چێشتەنگاو -الضحى- ئەو کاتەیە کە خۆر بەرز دەبێتەوە لە ئاسمان وزۆر گەرم و بە تین دەبێت بە شێوەیەک ژێر پێی وشترە تازە پێگەیشتووەکان خەریکە بسووتێت لە تینی گەرمای خۆردا، ئەمە ئەو کاتەیە کە ئەوابەکان نوێژی چێشەنگاوی -الضحى-ی تێدا ئەنجامدەدەن. *(ئەواب: واتا ئەو کەسەی دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە بە تەوبە کردن وداوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە، و وازهێنان لە تاوان وگوناهەکان، وئەنجامدانی خێر وچاکەکان)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11283